31-1-2006 21:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# مەڵبەندی کلتوری کوردی لەدانهاخ لەدوو ئێوارە کۆڕی لەیەک دانەبڕاودا ... ساسان دەروێش

هۆڵەندا

مەڵبەندی کلتوری کورد لەشاری دانهاخ ی هۆڵەندا دووئێوارەکۆڕی لەیەك دانەبڕاویان لەناونیشانی ( Kerketuineweg 20A) لەهۆڵی زانکۆ ی ئازاد لەشاری لاهای لەڕۆژانی شەممەو یەك شەممەی 21 و22 ی کانوونی دووەمی ساڵی 2006 سازکرد، کەهەر دوو ڕۆژەکەلەکاتژمێردووی پاش نیوەڕۆ هەتاکو شەش ونیوی ئێوارەبوون، بەناونیشانی ڕۆژنامەگەری نوێ لەعێراقداوسوودبینین لەئەزموونی ڕۆژئاوا ڕۆژنامەگەری هۆڵەنداوەکو نموونە، بەئامادەبوونی بەڕێز سیامەند بەننا باڵیۆێزی عێراق لەهۆڵەندا وکۆ مەلێك لەڕۆشنبیران ونووسەرانی ڕەوەندی کوردوعەرەب وهۆڵەندی و ئەدەب دۆستان ونوێنەرانی پارت وڕێکخراوی سیاسی وکلتوری وڕۆشنبیریەکوردی و عەرەبیەکان بوو کەلەماوەی ڕابردووی ئەو دووڕۆژەدا پڕۆگرامێکی زۆر چڕوپڕ و بەسوودوسەرنج ڕاکێش لەلایەن حەوت نووسەروڕۆژنامەوانی کوردوعەرەب وهۆڵەندی چەند بابەتێکی گرنگیان پێشکەش کرد کەپەیوەست بوون بەبوارەکانی ڕۆشنبیری وڕۆژ نامەوانیەوەلەکوردستان وعێراق، نووسەرانی بەشدار بووبەبابەتەکانیان ئاماژەیان بەڕێگەچارەبۆ ئەکێشانەی کەلەبواری ڕۆژ نامەگەری عێراقی دا دەبینرێ وکەبەدەستیەوەئەناڵێنێت، تیشکیان خستەسەر هەموو کەم وکوڕیەکانی بواری ڕۆژنامەگەری وبیروڕای ئازاد دەربڕین و ئەو قەیرانەی کەنووسەران پێ ی داتێ دەپەڕن لەنەبوونی ڕۆژ نامەی ئازاد وبواردان بۆ چاپ وچاپەمەنیەکانیان کەهەمووبوارەکان لەتەوەری حیزبایەتیدا ڕەچاودەکرێ بەسانسۆرەوەبەمەش ڕاگەیاندنی عێراقی ناتوانێ خۆی لەو قەیرانەدەرباز بکات بۆیەنووسەران زۆربەڕاشکاوانەخاڵەلاوازەکانیان خستەڕوو لەلایەن ئامادەبووان و نووسەرانیشەوەگفتو گۆی تێرو تەسەلیان لەسەر کران. بۆ ئەم بوارەوکێشەی ڕۆژ نامەگەری عێراقی، مەڵبەندی کلتووری کورد لەشاری دانهاخ ی هۆڵەندا، وەك ڕێکخراوێکی کوردی سەر بەخۆ ئەوەچەند ساڵێکەلەپێناوی خزمەت کردن بەکلتووری کوردی و ناساندنی دۆزی کوردوکێشەڕەواکەی بەکۆ مەڵگای هۆڵەندی خزمەتێکی لەبەر چاو دیاری هەیەبۆ ئەم جارەش بەهەلیان زانی کەدەر فەتێك بۆ ئەو نووسەرو ڕۆژ نامەوانانەبڕەخسێنن لەگەڵ ئامادەبواندا ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بەدیموکراتی کردنی گشت بوارەکان لەعێراقی ئەمڕۆداو بەتایبەت بواری ڕۆ ژنامەگەری لەبەر گرنگی و گەورەی ئەو بوارەو پەیوەندی بەژیانی سیاسی وکلتووریەوەهەیەلەووڵاتێکی وەکو عێراقداو پاش کەوتنی سەدام و نەمانی دارو دەستەکەی دەبوو واڵاکردنی دەرگاکان لەبەر دەم ڕۆشنبیراندا بەفراوانی بخرایەتەڕوو بەداخەوەلەبەر باری نائارامی وبەڕێوبردنی دەستەڵاتی کاتی حکو مەتی عێراق و خزانی نووسەران خۆیان بۆ ناو ڕاگەیاندنی پارتەکان وایەی لەنووسەران و ڕۆژ نامەوان کرد بێ کەلەو تەو قەڕزگاریان نەبێ.

بۆ هەر دوو ئێوارەکۆڕەکەش ئەم بەڕێزانەبەشدار بوون بۆ پێشکەش کردنی بابەتەکانیان:-

1- بەڕێز خاتوو یودیت یورینك، ڕۆژ نامەوانی هۆڵەندی.

2- بەڕێز موریس شوحیت، لێکۆ ڵەرەوەو ئەندام لەپەیمانگای ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست بۆ لێکۆ ڵینەوەکانی بواری ڕۆژنامەگەری لەواشنتۆن.

3- بەڕێز نزارجاف،

ڕۆژنامەوانی کورد، جێگری سەرۆکی نووسینی ڕۆژنامەی پەیامی کوردلەئەڵەمانیا.

4- بەڕێز فازڵ ڕەشاد، ڕۆ ژ نامەوانی عێراقی.
5- بەڕێز ئیڵدەرت موڵدەر، ڕۆژ نامەوانی هۆڵەندی، ڕۆژ نامەی تراو.
6- بەڕێز سەردار عەبدولکریم، ڕۆژ نامەوانی کورد ودانیشتووی هۆڵەندا
7- بەڕێز عەدنان حسێن ئەحمەد، ڕۆژنامەوانی عێراقی، ڕۆژ نامەی ئەلزەمان.

ڕۆژی یەکەمی کۆڕەکەش لەلایەن ڕۆژ نامەنووس ڤینۆس فایەقەوەبەناوی مەڵبەندی کلتووری کورد لەشاری دانهاخ بەخێر هاتنی هەموو لایەکی کرد و مەبەستی ئەم دوو ئێوارەکۆڕەی بۆ میوانەکان ڕوون وئاشکراکرد، دواتر بەڕێز سیامەند بەننا باڵێوێزی عێراق وەك میوانێك بەوبۆ نەیەوەووتەیەکی پێشکەش کرد دەربارەی ڕاست گۆی ڕۆژ نامەنووس لەهەڵ سووکەوتی بەرامبەر بەکارەکەی و گەیاندنی بەخەڵك، پاشان ڕۆ ژنامەنووسی عێراقی ئیسماعیل زاهیر سەرنووسەری ڕۆژنامەی سەباح جدید بابەتێکی پێشکەش کرد لەبری ڕۆژ نامەنووسی هۆ ڵەندی خاتوو یودیت یورینك کەبەسەردان چۆتەکوردستان ونەی توانی لەم پرۆگرامەدابەشدار بێت وناوی هاتبووەك پێشکەش کاری بابەتێك.

ئەمەوکۆڕەکەلەدووڕۆژی ڕابردوودا زۆر بەسەرکەوتووی کۆ تایی هات ولەلایەن سەرجەم کۆڕگێڕەکان، ئەوپێشنیارو بۆ چوونانەخرانەڕوو، بۆ ئەوەی دواتر وەك پرۆژەی کارکردن لەئایندەبۆ گەشەکردنی بواری ڕۆژ نامەگەری ئازاد لەعێراق بخرێتەبەردەست لایەنەبەر پرسەکان.

بۆ ئەم مەبەستەوزیاتر ڕوون کردنەوەبەپێویستمان زانی ئەم چەند دیدارەسازبکەین، سەرەتا بەباشمان زانی لەڕۆژنامەنووس ڤینۆس فایەق بپرسین، وەك جێگری مەڵبەندەکەورێك خەری کۆڕەکە

چۆ ن توانی بەم کارەهەستێ ومەبەستیان چی بوولەکۆ کردنەوەی ئەم نووسەرانە؟
لەوەڵامدا بەڕێز ڤینۆس فایەق نووسەروجێگری مەڵبەندووتی:-

ئێمەلێرەمەڵبەندی کلتووری کوردی دانهاخ مان هەیەکەساڵانەچەندین چالاکی بەئەنجام ئەگەیەنین لەم شێوەبابەتانە، وەچالاکییەکی لەم شێوەیەهەر وائاسان نییەوەیان مەڵبەندێکی ڕۆشنبیرت هەبێ و تەواوبۆ ئەوەی چالاکی یەکی ئاوابکەی، نەخێر گرنگەبزانی تۆ خەڵك چۆن کۆ ئەکەیتەوەکێ بانگ ئەکەی، من پێرێ لەتەلەفیزێۆنی حەیفالێیان پرسیم بۆ لێتان نووسیوەمیوانداری بۆ هەمووان، ئەمەئاهەنگێك نیەهەمووخەڵك بۆی بچێ بۆ نموونەسەرۆکێك وکاسب کارێك حەزیان لەئاهەنگەبەڵام کۆڕێکی لەم شێوەیەفکری وئەدەبی وسیاسی وڕۆژ نامەوانی خەڵکی خۆی هەیەبۆ یەپابەندمان نەکردبەهەندێك کەس ڕەنگەهەندێك نووسەر هەبن من نەم توانیوەبانگی بکەم بەڵام ڕەنگەخۆی حەز بکات و بێ وبیروڕاش دەربڕێ، من کەهەستام بەم کارەکەمێك ماندوو بووم بەوەی کەکێ کۆ بکەمەوەبەڵام بەپێ ی ئەو پەیوەندیەی هەمەلەگەڵ نووسەران توانیم ئامادەباشی زۆریان وەربگرم بەداخەوەتەنهائافرەتێکی هۆ لەندی نایەکەلەپرۆگرامدایەئەویش بەسەردان چوەبۆ کوردستان، ئیسماعیل زاهیریش لەپرۆگرامدانەبوو لەبری ئەوخانمەدامان نالەبەر ئەوەی دۆستێکی باشی کوردەوڕۆژ نامەنووسێکی ناوداریشەوبەنیسبەت کاك سیامەند بەننا یش خۆم سوپاسی ئەکەم وەکوکەسایەتی خۆم ومەڵبەندەکەمان کەمیوانداریمان کرد جگەلەڕەزامەندی ووتەشی پێشکەش کرد، بۆ ئێمەدەسکەوتێکی گرنگەلەکارێکی ئاوا بەشدار بێ لەگەڵمان وببێ بەئەندام لەکۆنگرەکەمان وپاڵ پشتی وهاوکاری خۆشی دەربڕی بۆ سەرخستنی کارەکەمان. بۆ بەشی تر ی پرسیارەکەش ئەم کۆ نگرەیەزیاتر پەیوەندی بەخۆ مەوەهەیەوەك ڕۆژ نامەنووسێك، ڕاستەمن لەدەرەوەکاردەکەم لەوانەیەلەوپێوانەی کەمن

هەمەلەئازادی ڕۆژ نامەنووسانی عێراقی وکوردستان لەناوەوەنەیان بێ بەڵام هێشتا من هەر بەوێوشەوەگرێ دراوم من ئەتوانم بڵێم سەدی حەفتا ی کارەکانم لەوێ بڵاوئەکەمەوەهەموو وەختێك هەستم کردوەسانسۆ ر هەیەلەسەر نووسینی ڕۆژ نامەنووسی من زۆر جار بیستوومەتەوەلەڕۆژ نامەنووسەکانی ناوەوەی عێراق و کوردستان نووسینەکان بەچەند فیلتەرێکدا تێ دەپەڕێ من ئەتوانم بڵێم ئەم کارەتارێژەیەکی کەم هەیەلەکوردستان بەڵام لەعێراق بۆ نموونەخۆم پەیوەندیەکی باشم لەگەڵ نووسەران ورۆ ژنامەکانیان هەیەبەڵام هەندێ جار کەنووسینیان بۆ ئەنێرم داوای لێ بوردنم لێ ئەکەن و ئەڵێن ناتوانین بڵاوی بکەینەوەلەبەر گروپی ئیسلامی ونائارامی، ئەگەر ئەوسانسۆرەهەبێ ناتوانی ئەو پەیامەی پێتەبەخەڵکی بگەیەنی. پێم وایەنابێ سنوور بۆ کاری رۆ ژ نامەوانی هەبێ.

وەهەر وەها بەپێویستمان زانی لەهەردوو نووسەرورۆژ نامەنووسی کورد وبەشدار لەکۆ ڕەکەبپرسین ناوەڕۆکی بابەتەکانتان لەچ تەوەرێك ئەدوێن.

بەڕێز نزار جاف جێگری سەرۆکی نووسینی ڕۆژ نامەی پەیامی کورد لەئەڵەمانیا لەوەڵامداووتی:-

ئەوەی ئەمڕۆ ئەمەوێ تیشکی بخەمەسەر واتای کوردی لەڕاگەیاندنداو کار دانەوەو ڕەنگدانەوەی لەڕاگەیاندنی عێراقی دابەگشتی، هەڵبەتەمن هەوڵ ئەیەم لەم بابەتمدا زیاتر ئەزموونی ڕاگەیاندنی کوردی بەپۆزەتیف هەڵسەنگێنم بەدیاردەیەکی شارستانی پیشان بدەم لەڕووی ئەوەی کەزۆر بنەمای شارستانی خستۆتەڕوو پابەندی بووەوەکوبۆ نموونەمەسەلەی مافی مرۆڤ و سەربەستی ئافرەت وکۆ مەڵگای مەدەنی و هەروەها دیموکراتیزەکردنی ئەمانەهەمووی هەوڵ ئەدەم تیشکی بخەمەسەر وەهەروەهالەهەمان کاتیشداکۆ مەڵێك ڕەخنەش هەیەلەڕاگەیاندنی کوردی چونکەڕاگەیاندنی کوردی لەقۆ ناغی چەند ساڵەی ڕابردوودا تاپێش دارمانی سەدام بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکەدا پۆ زەتیف بوو بەڵام ئێستا عێراق سەربەست بووەورەههەندێکی تری وەرگرتووەئەبێ پەرەی پێ بدرێ ئەولایەنەنەگەتیفانەڕەچاوبکرێ ومن کۆ مەڵەپێشنیارێك ئەخەمەڕوو بەهیوای ئەوەین کەئەولایەنەسلبیانەنەمێنن.

هەروەها لەوەڵامدا بەڕێز سەردار عەبدولکریم ڕۆژ نامەوانی کوردودانیشتووی هۆ ڵەندا ووتی:-

باسەکەم بەناوی کۆ ماری فیدڕاڵی عێراق وڕاگەیاندن وکاری گەری بەسەر ئایندەی دیموکراتی ئەم وڵاتەیە، بابەتەکەم دابەش کردووەبۆ چەند تەوەرێك، پێشینەی توندوتیژی وکاریگەری بەسەرئایندەی ئازادی ڕۆژ نامەنووسی و دیموکراتی، کاری گەری فکری عەرەبی سوونەوکاریگەری عێراق، ئایاچۆن دەتوانرێ عێراق تەعدوودی ودیموکراتی کەئایندەدابمەزرێ بەگوێرەی ئەزموونی خۆم چ شتێکم هەڵ کڕاندوەبۆ ئەوەی بتوانرێ عێراقی ئایندەڕاگەیاندن لەعێراقی ئایندەخزمەتی دیموکراتی وپێگەیاندنی کۆ مەڵگایەکی ئەگەر لیبراڵیش نەبێ شووب لیبراڵی بێ یان بەلایەنی کەم لەو باوەڕەدام ئەبێ ئەگەر نەتوانین ئازادی ویەکسانی دروست بکەین بەلایەنی کەم دەتوانیین دادپەروەری کۆ مەڵگادروست بکەین لەتەوەرێکی ترم دائایادەبێ بۆ گۆ ڕینی ئەئەقلیەتەکاری ڕاگەیاندن چی بکات وچ ئەرکێکی هەبێ بۆ گۆ ڕینی ئەوەبۆ ڕزگار بوون لەهەموو ئەناکۆ کیانەی دامەزراندنی عێراقێکی دیموکرات دەبێ چی بکەین، ئێمەلەعێراق دەژین کۆ مەڵێك ناکۆ کی تێدایە، هەڵبژاردن لەنێوان دەستوورتەوافق وئاشتی یان ئاژاوەوتوندوتیژی، ئەگەر

ئێمەڕاگەیاندنێکی ئازادمان هەبێ کۆ مەڵێك شت دەوروژ ێنین وڕۆژانەچەندین کێشەدروست دەکەین، بەلام لەعێراقی ئێستادادەبێ بەتەوافق بژین ئەوتەوافقەنەبوونی دیموکراتیەکی ڕاستەقینەیەئەوەش کۆ مەڵێك کێشەمان بۆ دروست دەکات دەبێ ڕێز لەهەمووپێك هاتەکان بگرین بۆ یەکگرتنەوەی عێراق کەواتەناتوانی ڕاگەیاندنێکی وروژێنەر هەبێ و هەمووشتەبخەیتەڕوو.













